# کتێبە رەشەکەی کۆمەنیزم

**هەڵۆ بەرزنجەیی**

ئەم پەڕتووکە  بە زمانی فەرەنسی سالّی 1997 نووسراوە بەرگی یەکەمی  987 لاپەڕەیە . لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

1) دەولّەتێك دژی میللەتەکەی خۆی... شۆڕشی ئۆکتۆبەر/ بالّی چەکداری دیکتاتۆرێتی پرۆلیتاریا / تیرۆری سوور / شەڕی چەپەڵ / برسێتی / شالاّوی تیرۆر 1936 ـ1938  / کۆتایی ستالینزم .

2) شۆڕشی جیهاتی و شەڕی ناوخۆ و تیرۆر ...  کۆمێنتری لە چالاکیدا / شۆڕش لە ئەوروپا / کۆمێنتێری و شەڕی ناوخۆ / دیکتاتۆر / کوشتن و تیرۆر لە نێو کۆمێنتریدا / تیرۆر لە نێو پارتە کۆمەنیستەکاندا / راوکردنی ترۆتسکییەکان / شەڕی ناوخۆ و خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی / کۆمەنیستی و تیرۆر / پێشڕەوانی پینتەرناسیونال .

3) ولاّتانی دیکەی ئەوروپا وەك قوربانییەکی  کۆمەنیزم ...پۆلۆنیا / ناوەند و خواروەی ئەوروپا .

4)  رژێمە کۆمەنیستەکان لە ئاسیا  لە نێوان  ناپەروەردەیی و کۆمەڵکوژیدا . .... چین / کۆریای باکوور ، ڤێتنام ، لاوس / کەمبۆچیا .

5)  جیهانی سێیەم ... ئەمەریکای لاتینی / ئەفرۆکۆمەنیزم : ئیسیۆپیا ، ئەنگۆلا ، مۆزەمبیق .  کۆمەنیزم لە ئەفغانستان .

لە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەشیدا بەشێکی لە ژێر ناونیشانی  تاوانکاری سیاسی لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتیدا DDR بۆ زیادکراوە .
جگە لەمانەش چەند ووتارێکی دیکە و نزیکەی 77 وێنە و 6 نەخشەش لە خۆ دەگرێت .

نووسەرە فەرەنسییەکانی : Stephane Courtois, Nicolas Werth, Jean Louis Panne, نووسەری پۆڵەنی  Andrzej Paczkowski و نووسەری چیکی Karel Bartosek و نووسەری سەنگالی Jean Louis Margolin وە نوسراوە و کراوە بە ئەڵمانی و پاشکۆیەکی دوورودرێژی لە لایەن  Neubert Ehrhart – Joachim Gauc وە لەسەر ئەڵمانیای رۆژهەولاّت خراوەتە سەر و لە دەزگای  Piper لە چاپدراوە .
بەرگی دووەمیشی لە نزیکەی 500 لاپەڕەیەکدا ئەمساڵ بلاّوکرایەوە و باوەڕیش وایە درێژەی هەبێت و بەرگی دیکەشی بەدوادا دێت .
من پوختەی چەند هێڵێکی درشتی  ووتارەکەی Stephane Courtois م لە ژێر ناونیشانی  ( تاوانەکانی کۆمەنیزم ) ئامادە و وەرگێڕاوە.

**ووتەیەکی پێویست**

مەبەست لەم ووتەیە دەستەیەخەگیربوون لەگەڵ بیر و رێبازی کۆمەنیزم و مارکسایەتی و ماوێتی و .... هتد دا  نییە، هێندەی پەرۆشخواردنە بۆ ئەو چارەنووسە تالّەی مرۆف وەك پیرۆزترین زیندەوەرێك کە لە پانتایی مێژوویەکی ئەتککراو و شێوێندراوی دەسەلاّتدارێتی خوێنرێژ و ئیدیۆلۆژیای تۆتالیتاری کۆمەنیزمدا  چیرۆکی بەسەرهاتەی بە ئێمە گەیشتووە . کۆمەنیزم هەر بەوەندە مرۆف کەنەفت و دەستەمۆ و بێ ئیرادە ناکات ، کاتێ لە هۆش و هۆکار و رۆڵی ئەرێتی لە ژیانی کۆمەلاّیەتی و رەوتی مێژوو داماڵەخاسی دەکات، بەڵکو لە پراکتیکیشدا جەستەی هەلاهەلای دەستی جەللادەکانێتی و هەرچی چەرمەسەری و تاڵی و سوێری ژیانە لەسەر دەستی دەسەلاّتدارانی کۆمەنیزمدا کراوە بە هەناویدا.گەرچی ژمارەی قوربانییەکانی ئەم تاوانکارانە گەلێ زیاتر ، پێدەچێت نووسەران دەستیان

بەسەر زۆر بەڵگەنامەدا رانەگەیشتبێ . کاتێ هەر یەك لە ئێمە نووسین و بڵاوکراوەکانی کورد ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراێۆری و دیکتاتۆرانە لە مەڕ راگوێزان و کۆچپێکردنەوە دەخوێنێتەوە . وەك نووسینەکانی پرۆفیسۆر نادری نادرۆف و چەندانی دیکە ، بۆی دەردەکەوێت کەوا رژێمەکەی ستالین زۆر پێش بەعسی سەدام کوردیان راگوێزاوە و لە زێدی خۆیان دووریان خستۆتەوە . لەمەش زیاتر هەر ئەمانە مامۆستای بەعس بوون و بەعس لەمانەوە فێری ئەو سیاسەت و پرۆسەیە بووە .

گەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی پیرۆز و ئامانجێکی رەوا بێت ، وا ئەم مێژووە شووم و نەگریسە بە یەکێ لە شەرمەزارترین پەڵەکانی هەنییەی مرۆڤایەتی دادەنرێت . چونکە بە هەقەت هیچ نەماوە لە تەمەنێکی کورتی 70ـ80 ساڵیدا بە رانبەر بە مرۆڤ و نەتەوەکانی نەکەن . ئەم بیرە کە ئێستا چۆتە ئەرشیف و مۆزەخانەی مێژووەوە لە وڵاتی ئێمەشدا لەسەر دەستی هەڵگران و رێچکەگرەکانیدا تاوانی سەیروسەمەرە ئەنجام دراوە . لە سەردەمی قاسمدا لە باشووری کوردستان دەچوونە سەر ماڵی ئەوانەی کوردایەتیان دەکرد و نیشانەیەکی سووریان دەدا لە دەرگای ماڵەکانیان ، بە تاوانی ئەوەی ( رجعین ) دەبێ بکوژرێن . لە رووی ئایدۆلۆژی و سیاسیشەوە دژی هەموو بنەما و بەها و مافە نەتەوەییەکانی کورد وەستاونەتەوە . کوردستان دەکرایە قلیاسان و رۆژباش بە تاکە کڵاش . زۆربەی کاتەکان لە سەنگەر و بەرەی داگیرکەرانی کوردستانەوە ، دژایەتی و پروپاگەنکردنیان بە رانبەر بە کورد و بزووتنەوە و شۆڕشەکانیان کردووە . لە هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا ، دەستی گڵاو و فیتنەگێڕی و دووبەرەکیان هەبووە. ( دەکرێت بۆ مێژوو پارتی کۆمەنیستی عێراق لەم رووەوە بە چاوی تودە و پ . ك . سوری و تورکی تەماشا نەکەین ). هەتا ئێستاش دەروێش و سەرلێشێواوەکانی ئەم تەریقەتە ، هێندەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بە گژ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورددا دێنەوە و دەیانەوێ لە بەها و نرخی سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی جەماوەری کورد کەم بکەنەوە . ئەم دەستە و تاقمانە هێشتا لە خانەی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیدان و حوکمیان لە دەستدا نییە ، هێندە سەختگیر و رادیکال و کۆسمۆپۆلێتین بەرانبەر بە نەتەوەکەیان . لە شاڵاوەکانیاندا دڕندە و لە بیرکردنەوەکانیاندا شەڕانگێزن . ، جا گەر بهاتایە و لەسەر حوکم بوونایە ، بە دووری نازانم لە پۆڵ پۆرت خراپتریان بەنەتەوەکەیان دەکرد . ئەو پروپاگەندە و دژایەتییەی ئێستای کورد لە لایەن حیزب و رێکخراو و دەستە و تاقمی کۆمەنیستی و مارکسی و چەپی کوردی و نا کوردی ناو سووریا و ئێران و تورکیاوە دژی کورد لە گەڕدایە, هیچی جیاواز نییە لە دژایەتییەکی داروەدەستەی موقتەدا السەدر و مەلاکانی قوم و شۆفێنییەکانی شام و گورگە بۆرەکانی ئەنقەرە.

وەك لە سەرەتا ئاماژەم پێکرد ، ئارەزووم کرد ئەم کارە ئەکادیییمە بەرزە کە لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبەر رۆشنایی خوێندنەوەیەکی قوڵ و ووردی مێژووی ئەم بیرەدا ، بە پشت بەستن بە سەدان و هەزاران بەڵگەی مێژوویی و کەواهی سەردەم ئەنجامدراوە ، بە خوێنەری کوردی ئاشنا بکەم . ئەو خوێنەرەی هەموو ئەم راستی و رووداو و باسانەی هەتا هەنووکەش لێ تابوو کراوە. چونکە دڵنیام لەبەر وەرگێڕانی ( دوا نامەکانی لینین و ماو و ستالین و ، دۆگماکانی مارکس و ئەنگلس ) فریای هیچی دیکە ناکەون ، یاخود هیچی دیکەیان بەرچاو ناکەوێت . لە ئاسمانی ئەواندا تەنها جێی بڵندکردنەوەی داس و چەکوش و پەیکەرە داڕزاوەکان دەبێتەوە .

من خوازیار بووم ئەو کۆمەنیستی و چەپانە دوای پێرۆسترۆیکا و گلاسنۆست و روخانی دیوارەکەی بەرلین و دارمانی شورەوی و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی تەقەڵەکانی یوگوسلافیا ، ئەوانیش بە مێژووی رابردووی خۆیاندا بچوونایەتەوە و دراسەیەکی بابەتییان بکردایە و پەنجەیان بخستایە سەر هەڵە و تاوانەکانیان ، نەك قسەی زەرد و سوورمان لە دەزگای راگەیاندنی حیزبەکانە پێ بفرۆشن و هەتا ئێستاش ئاو بکەن بە ئاشی تێکشکاو و وێرانەی کۆمەنیزمدا .

من بە ئاواتی پەردە هەڵدانەوە لەسەر تاوانەکان و راستکردنەوەی مێژوو و زانینی هەقیقەتەکان و ئاشنابوون بە ستەمکاری دەسەڵاتدارانی کۆمەنیزم و مەترسی ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری و یادێك لە قوربانییەکانی ئەم تاوانکارانە ، خۆم برەك سەرگەرمی خوێندنەوە و ئەم ئامادەکارییە کرد . نەك بەو رۆحییەتەی دژایەتییەکی لەسەدا سەدی کۆمەنیزمەوە . چونکە لەمێژە بە ئاواتم لە وڵاتی منیشدا و ( باوەڕیشم پێیەتی ) کۆمەنیزم وەك لە وڵاتانی دیکەدا هەن هەبن . (( کوردستانی بن و ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆیان ـ ئازادی و رزگاری نەتەوە و خاکێکی 40 ملیۆن کەسی ـ ئەنجام بدەن ، ئەوجا هەڵمەت بۆ سەر تاوانکاران و نادادی دیکە لە دنیادا بەرن . خۆشبەختانە تروسکەی ئەم هیوایە لە ئێستادا بە کزی لە باشووری کوردستاندا بەدیار دەکەوێت )) بە هەردوو چاوانی خۆم دەبینم و دەخوێنمەوە چەپ و کۆمەنیستی دنیا ئیمرۆ و دوێنێ چییان بۆ خاك و نەتەوەکەی خۆیان کردووە . بۆ لینین بڵێ من رووسێکی کۆمەنیستم , شێخی عروبە و کۆمەنیزم خالید بەگداش کوردبوون و کوردایەتی لا شەرم و تاوان و باری گران بێت ؟؟! ! . بۆ گەلێ لە

کۆمەنیستانی دنیا بە هانای کێشەی ڕەوای میللەتانی بندەستەوە لە هەموو دنیادا هاتن ، بۆ کۆمەنیستەکانی کورد دژی کێشەی ڕەوای نەتەوەکەیان وەستانەوە ؟؟!! .

دەبا هەموو ئەو بیرۆکە و ئایدۆلۆژیانە بنێژین کە لە خزمەتی مرۆڤدا نین .

ئەو ڕێبازانە کوێرکەینەوە ، کە مرۆڤ بە هەڵە و تاواندا دەبەن .

ئەو دەمانە بگرین ، کە بە درۆ هاوار دەکەن .

ئەو زمانانە خەفە بکرێن ( بە لۆژیك و بەڵگەوە ) کە خەریکی درۆ داتاشین و بوختان هەڵبەستنن .

ئەو قەڵەمانە بشکێنین کە ئەم ژەهراوانەیان لێ دەتکێت .

بەرەنگاری ئەو مێشکانە بینەوە ، کە چەواشەکارە ئامانجیانە .

بەها و پیرۆزی مرۆڤ و ڕاستی سەرووی هەموو ئیعتیبارەکانە . مرۆڤ مامۆستا مەسعوود محەمەد ووتەنی : ئیعجازی هەرە گەورە و یەکەمە . دەبا هەموو شتێ لە پێناوی خزمەتی مرۆڤ خۆشگوزەرانییەکانیدا بێت .

ئەوەی ماوە بەر لە ماڵئاوایی بگوترێ ئەوەیە : کەوا هەر کۆمەنیزم خاوەنی کتێبی ڕەش یان مێژووی ڕەش نییە . بەڵکو زنجیرەیەك کتێب لەم بوارەدا بەناونیشانی : کتێبی ڕەشی ناسیۆنال سۆسیالیزم

کتێبی ڕەشی سەرمایەداری ،

کتێبی ڕەشی جیهاد ،

کتێبی ڕەشی گلۆبالیزم ،

کتێبی ڕەشی کۆشکی سپی ،

کتێبی ڕەشی بانکەکان ،

کەوتوونەتە بازارەوە . بە کورتی لەهەر کایە و پانتاییەکدا مرۆڤ بووبێتە قوربانی ، ئەوا کتێبی لەسەر دەرکراوە .

بەکورتی کرمانجی دەرئەنجامی خوێندنەوەی هەر هەموو سەرچاوەکان ، قەناعەتی مرۆڤ لەسەر ئەوە لەنگەر دەگرێت کەوا هەموو ئەمانەی هەڵگری ئەم دروشمانەن ، لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵاتدا ، لە هیچ شتێ سڵیان نەکردۆتەوە و هیچ شتێ لایان پیرۆز نەبووە و بێباك بوون لە ئاستی مرۆڤایەتی و مێژوودا . بۆیەکا مێژوویەکی ڕەش و نەفرەت لێبوویان لە دوای خۆیان بە میرات جێهێشتووە .

■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■

هیچ میللەت و هیچ وڵاتێك نییە زەبروزەنگی بە دژی دەستەوتاقمێکی دیاریکراو تێیدا بەکار نەهاتبێ . هەموو دەوڵەتە ئەوروپاییە بەهێزەکان لە مەسەلەی بازرگانی کۆیلەکاندا تێوەگلاون . فەرەنسا پیادەی کۆلۆنیالیزمی کرد . ئەمەریکا وەك هەمیشە پیادەی کولتووری زەبروزونگ دەکات . کۆیلە ڕەشەکان و بڕینەوەی هیندەسوورەکانە .

بەڵام دەبینین لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەکانی سەدەی بیستەم بۆڕی ئەم مێژووەی داوەتەوە . ( دوو جەنگی جیهانی ، تاوانەکانی ناسیونال سۆسیالیزم بە کوشتارە جولەکە و ڕۆمایی و زینتی ، کوشتاری ئەرمەن لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ، ئیتالیای مۆسۆلۆنی و کوشتاری ئیتیۆبییەکان ، بیاڤلا، ڕوئاندە و شوێنەکانی دیکە) .

کۆمەنیزمیش دیاردەیەکی زەق و دیاری ئەم سەدەیەیە و 1914-1991 لە مۆسکۆ کۆتایی هاتووە . کۆمەنیزم پێش فاشیزم و نازییەکان هەبووە و لە سەردەمی ئەماندا ژیاوە و لە 4 کیشوەری سەر ڕووی زەویدا بەربڵاوبۆتەوە .

پاشان نووسەر دێتە سەر کۆمەنیزم ، تێگەیشتن لە کۆمەنیزم و پەنجە بۆ جیاوازی نێوان تیۆری و پراکتیك درێژ دەکات . چونکە بیری کۆمەنیستی ساڵەهایەکە هەیە . گەشتێکی کورت بە بیرۆکەکانی کۆمارەکەی ئەفلاتوون و یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر دا دەکات . دەڵێ ئێمە قسە لەسەر کۆمەنیزمی ڕیالیستی دەکەین ، کەوا لەسەر دەستی سەرکردەهایەکی هەڵکەوتوودا بەرجەستە بووە . وەك Lenin,Stalin, Mao; Ho Chi Minh;Castro, و چەندانی دیکەش . لە مێژووی فەرەنساشدا کەسانی وەك Maurice Thorez,Jacques Duclos,Georges Marchais. دەڵێ تاوانەکانی دکتاتۆرە کۆمەنیستەکان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بووە و کوشتاری بە کۆمەڵ و ڕاوەدوونان و تۆقاندنیان کردە سیستەمی دەسەڵات و ڕژێمەکانیان . لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و شورەوی و چیندا سانسۆری هەموو میدیاکان و کۆنترۆڵی سنوورەکانیان بەکارهێنا بۆ چەوساندنەوە . سەرکردەی گەورە ، چینی ماو و

کۆریای Kim Il Sungکیم ئیل سونگ و ڤێتنامی مامە هۆشی و کوبای سەرکردەی کاریزمایی کاسترۆی دۆستی Che Guevara چیڤارا و ئیسیۆبیای Mengislus و ئەنگۆلای Nekos ئەفغانستانی Nejibullah.

مێژووی رژێم و پارتە کۆمەنیستەکان و سیاسەت و پەیوەندییەکانیان بە کۆمەڵگاوە لە هەر یەك لەو وڵاتانەدا لە نێو کۆمەڵگای گەلانی خۆیاندا خۆی لە دیمەنزیۆنی تاوانباریدا ناخولقێنێ وە هەروەها لە دیمەنزیۆنی تیرۆر و چەوساندنەوەدا. لە شورەوی و چین دوای ستالین و ماو تیرۆر کەم بۆوە .کۆمەڵگا رەنگێکی دیکەی وەرگرت . ( پێکەوە ژیانی ئاشتییانە ).وەك خۆی بۆ درێژەدان بە خەباتی چینایەتی لە فۆرمێی دیکەدا بووە ماوەیەکی دیاری پەیوەندی نێونەتەوەیی . ئەرشیف و گێڕانەوەی گەواهەکان دەگێڕنەوە کە تیرۆر هەر لە سەرەتاوە بنەما و خەسڵەتێکی کۆمەنیستی بووە .

ئێمە لەم کارەدا هەوڵی ئەوە دەدەین زۆر بە تایبەتی لێکۆڵینەوەی دیمەنزیۆنی تاوانەکان وەکو شتێ کە بۆ سەرجەمی سیستەمە کۆمەنیستەکان کەراکتەرێك بووە . هەتا ئەو کاتەی بمایە . ئێمە قسە لەسەر کام تاوان و و تاوانکاری دەکەین ؟ کۆمەنیزم تاوانی بێشوماری ئەنجامداوە . تاوانی عەقڵی دژی پەرستنی گشتی و کولتووری ناسیونالی.

ستالین لە مۆسکۆ دەیان کڵێسای تێکدا . چاوچیسکۆ دڵی شاری بوخارستی تێکدا . پۆڵ پۆت کاتێدراڵی Phnom Penn لابرد. شۆڕشی کولتووری تێکدان یان سووتاندنی جێگا هونەری باخچەی سوور کە پڕ بوون لە هونەری بەنرخ . بۆیە ئێمە تەنها باسی تاوانەکانی دژی مرۆف دەکەین وەك دیاردەیەکی کۆمەنیزم . کوشتنی مرۆف بە میتۆدی جیاواز ( گوللەباران ، هەڵواسین ، خنکاندن ، لێدان ، لە هەندێ باریشدا گازی شەڕ ، ژەهر ، بە کارەساتی ئوتۆمبێل ـ وەرگەڕان ) لەناوبردن بەهۆی برسێتی ( گرانی ، راگوێزان ، نەخۆشی ، برسێتی و سەرمابوون ) .

بەم کارە هەوڵ دەدەین لە ژمارەی کوژراوەکان نزیك ببینەوە ، ئەگەرچی ئەمەش سەرژمێرییەکی وورد نییە :

شورەوی 20 ملیۆن

چین 6,5 ملیۆن

ڤێتنام 1 ملیۆن

کۆریای باکور 2 ملیۆن

کەمبۆچیا 2 ملیۆن

ئەوروپای رۆژهەڵات 1 ملیۆن

ئەمەریکای لاتینی 150,000 هەزار

ئەفەریقا 1,7 ملیۆن

ئەفغانستان 1,5

کۆمەنیستە نێودەوڵەتی و ئەو پارتانەی لە دەسەڵاتدا بوون 100,000 هەزار

بە هەمووی نزیکەی 100,000000 ملیۆن کوژراو و قوربانی.

Pol Pots پۆڵ پۆت لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا ¼ میللەتەکەی خۆی لە کەمبۆچیا لەناو برد . ئەم تاوانانەی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا کراوە تەنها بۆ یەکەمجار ساڵی 1945 لە دادگای سەربازی نۆرنبێرگ دادگایی کراون . ئەم تاوانە لە بەندی 6 و 6A , 6B دا هاتووە دەڵێ ئەوی 3 تاوانی سەرەکی بکات ( تاوانی دژی ئاشتی / تاوانی شەڕ / تاوانی دژی مرۆڤایەتی ) دادگایی دەکرێن . هەموو ئەمانەش لە مێژووی لینینزم و رژێمە کۆمەنیستەکانی دیکەدا هەبووە.

نەخشەکێشان / ئامادەکاری / بەڕێوەبردن ، یان جێبەجێکردنی شاڵاوی یان شەڕێك و پێشێلکردنی پەیمانە نێونەتەوەییەکان وەك رێکەوتنی نێوان ستالین و هیتلەر لە 23.8.1939 بە دابەشکردنی پۆلۆنیا و بە خۆوەلکاندنی وڵاتانی بالتیك و پەلاماری فیلەندە / یان شاڵاوی ناکاوی کۆریای باکور بۆ سەر باشوور لە 25.6.1950 . داگیرکردنی ئەفغانستان لە 27.12.1979 لە لایەن شوورەوییەوە و چەندین نموونەی دیکەش .....

پێشێلکردنی یاسای شەڕ ... کوشتن / مامەڵەی نامرۆڤانە / راگوێزان / کار بە کۆیلەکردن / یان کوشتنی دیل ، تاڵانکردنی موڵکی تایبەتی و گشتی ، وێرانکردنی شار و بازاڕ و شارۆچکە .

ستالین فەرمانی تاوانی شەڕی دا وە ئیمزای کردووە . پاکسازی هەموو ئەفسەرە دیلەکانی پۆلۆنیا کە 4500 کەس بوون لە ساڵی 1939 لە KATYN کوشتنی سەدان سەربازی ئەڵمانی 1943 ـ 1945 لە GULAG لاقەکردنی سەدان ئافرەتی ئەلمانی لە لایەن لەشکری ئۆردووی شورەوەییەوە . تاڵانی لەشکری سوور لە کارخانەکاندا ، راگوێزان و گوللەبارانکردنی کەسوکاری بەڵێندەرە پۆلۆنیاییەکان .

چەمکی تاوان دژی مرۆڤایەتی بۆ یەکەمجار لە 18.5.1915 دا لە راگەیاندنێکدا فەرەنسا و ئینگلتەرا و رووسیا لە دژی تورکیا بەرابەر بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و شارستانی کوشتاری ئەرمەنییەکاندا بەکارهێنرا . بەڵام لە دادگای نۆرنبێرگدا هەلومەرجێك هاتە پێشەوەکە ئەم راگەیاندنە گۆڕا بەوەی کەوا (( کوشتن / سڕینەوە و دادۆشین / کۆیلەکردن /راگوێزان یاخود رەفتاری دیکەی نامرۆڤانە )) تاوانن .

ساڵی 1992 یاسای تاوانکاری فەرەنسی بڕیاری دا کەوا : راگوێزان ، کۆیلەکردن ، بە چڕی لە سێدارەدان بێ دادگاییکردن ، رفاندنی مرۆڤ و بێ سەروشوێنکردنی ، ئەشکەنجەدان یاخود مامەڵەکردنی نامرۆڤانە لە تەکیدا بە هۆی سیاسی ، جیهانبینی ، رەگەزی یاخود ئایینی تاوانە. ئەمانەش هەمووی بەسەر لینین و دواتر ستالین و تەواوی وڵاتانی دیکەدا دەچەسپێت لە کوبا و نیگاراگواشدا .

رژێمە کۆمەنیستەکان مامەڵە بە ناوی دەوڵەتێکەوە دەکەن کە سیاسەتێکی زاڵی ئایدۆلۆژی پیادە دەکات . لەم میانەیەدا TOMSKI سەرۆکی سەندیکای شورەوی لە ساڵی 1927 دا لە رۆژنامەی TRUD دەنووسێ {{ هەروەها لای ئێمەش پارتی دیکە دەکارن هەبن .بەڵام پرنسیپی بنچینەیی کە ئێمە لە وڵاتانی رۆژئاوا جودا دەکاتەوە ئەوەیە ، پیاو دەتوانێ وا تەماشای مەسەلەکە بکات : پارتێك حوکم دەکات ، هەموو ئەوانی دیکە وان لە بەندیخانەدا }} .

هەر لە سەرەتاوە لینین و هاوڕێکانی خۆیان بە رابەری بێڕوحمی خەباتی چینایەتی دانا . ناحەزانی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆیان تواندەوە و رەفتاری خراپیان لەگەڵدا کردن . بۆیە دژی رۆشنبیر و داروەدەستەی کڵێسا و گروپەکانی دیکە وەستانەوە . ژینۆسایکردنی کۆزاخی ، ئۆکرانیایی و چەند نەتەوە و کەمەنەتەوەیی و گرووپی دیکە . سیاسەتی ئەمانە هەر دژی ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییەکان نەبووە ، بەڵکو دژی تەواوی کۆمەڵگا و تاکە دیارەکانی بووە . وەهەروەها دژی پیشەکارانی وەك ئەفسەر و پۆلیس کەسانی دیکەش بووە. لە 1920 وە بە مانای تەواوی ژینۆساید لە سەر دەستی ئەمانەدا پیادەکراوە . ژینۆسایدی رەگەزی و ژینۆسایدی چینایەتی وەك یەکن . کوشتنی منداڵێکی ئۆکرانیایی کە ستالین برسی دەکات ، جیاوازی نییە لە کوشتنی منداڵێکی جولەکە لە GHETTO لەسەر دەستی نازییەکاندا . برسی کردنی خەڵك و کۆنترۆڵکردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیان ، یەکێ لە گرنگترین چەکەکانی دەستی رژێمە کۆمەنیستەکان بووە . ئەم سیاسەتەش بووە مایەی قوربانی سەدان هەزار مرۆڤ . لەم ساڵانەی دواییشدا دوو وڵاتانی پەیڕەوکەری م . ل ی وەك ئیسیۆپیا و مۆزەمبیق هەمان سیاسەتیان پیادە کردووە .

ئەوجا زۆر بە دوورودرێژی دێتە سەر خاڵبەندکردنی شێوەکانی کۆمەڵکوژی ئەم تاوانکارانە:

ـ گوللەبارانکردنی دەیان هەزار بارمتە بێ دادگایی کردن و کوشتاری دەیان هەزار جوتیار و کرێکاری شۆڕشگێڕ لە نێوان 1918 ـ 1922 دا.

ـ گرانی پەیڕەو کردن لە نێوان 1922 دا کە بووە هۆی مردنی 5 ملیۆن مرۆڤ .

ـ راگوێزان و پاکسازی کۆزاخەکان 1920 .

ـ کوشتنی دەیان هەزاری نێو ئۆردووگان 1918 ـ 1930 .

ـ راگوێزانی 2 ملیۆن کولاکی 1930 ـ 1932 .

ـ 690000 هەزار کەس لە 1937ـ38 لەناوبرا.

ـ لەناوبردنی 6 ملیۆن ئۆکرانی بە هۆی برسێتی / راگوێزانی سەدان هەزار پۆلۆنی و ئۆکرانی و بالتی و مۆڵداوی لە نێوان 1949ـ 1941 و دواتر 1944 ـ1945 .

ـ راگوێزانی ئەڵمانەکانی ڤۆڵگا 1941 .

ـ دوورخستنەوەی کریمە تاتارییەکان 1943 و شیشانییەکان 1944 و ئینگوشەکان 1944 .

ـ راگوێزان و پاکسازی دانیشتوانی شاکارەکان لە کەمبۆچیا 1975 ـ1978 .

ـ کوشتنی تبێتەکان لە ساڵی 1950 لە چین .

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە کوشتنی بەکۆمەڵ و قڕکردنی میللەت تەنها کاری نازییەکان نەبووە . کارەساتەکانی بۆسنییە و رووانده باشترین بەڵگەن لە رووی پراکتیکییەوە .

ئەم تاوانە بێوێنانەی 1920 ـ 1950 لە کاتێکدا ئەنجامدراوە ، کەوا پارتە کۆمەنیستەکانی دنیا خەریکی چەپڵەرێزان بوون بۆ لینین و ستالین .

بەم پێیە نووسەر درێژە بە نووسینەکەی دەدات ..ئاماژە بەچەند نموونە و راستییەکی نووسەران دەکات لەمەڕ ئەم تاوانانەوە . لە نێوانیاندا کادرێکی کۆمنتێرن JOSEPH BERGER نامەیەکی لە GULAG ەوە شوێنی دوورخراوەکان دەنووسێ و دەگێڕێتەوە . کە دوای گەڕانەوە لە ئۆردووگای زۆرەملێ هەر ئەندامی پارتی کۆمەنیست بووە ( کۆمەنیستەکانی هاوسەردەمی من ، دەسەڵاتدارێتی ستالینیان قەبووڵ بوو و پاساویان بۆ تاوەنەکانی دەهێنایەوە .ئەمەش تەنها هەر کۆمەنیستەکانی شوورەوی ناگرێتەوە ، بەڵکو هی هەر هەموو جیهان. ئێمە ئەم پەڵە شەرمەزارییەمان وەك تاك و گروپ پێوە لکاوە . ئێمە ناتوانین بیسڕینەوە. ئیدی هەموو لە هەوڵی ئەوەداین چیدی ئەوە دووبارە نەبێتەوە ، چی روویدا ؟ ئێمە هۆش و ئەقڵمان لەدەست دابوو ، یاخود ئێستا ناپاکی بە کۆمەنیزم دەکەین ؟ هەقیقەت ئەوەیە، کە هەموو ، هەروەها ئەوانەی ستالینی ئایندەن ، بە رەوتی پێچەوانەی ناوانەوە . ئێمە ئەمانەمان بە هاوبەشییەکی گرنگی خۆمان بۆ سەرکەوتنی سۆسیالیزم دادەنا . پێمان وابوو کە هەموو ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی پارتی کۆمەنیست لە شورەوی و جیهان دا بەهێز دەکات، سەرکەوتنێکە بۆ سۆسیالیزم . هەرگیز بیرمان بۆ ئەوە نەدەچوو ، کە لە نێو کۆمەنیزمدا هەرایەك لە نێوان سیاسەت و رەوشتدا روو بدات .

دوای ئەم بەڵگەیە ئاماژە بە بەرهەمی چەند نووسەرێك دەکات لە توێژینەوەیان لەسەر شۆڕشی رووسەکان و دژەیەکی دروشمی کۆمەنیستی کردووە . بە لای MARTIN MALIA وە وایە کە لە پشت تاوانی گەورەوە ئیدیۆلۆژییەکی مەزن و باڵا هەیە . **ANNIE KRIEGEL** یش لای وایە کەوا حەتمێتی رەوتی کۆمەنیزم دوو لایەنییە ( رووی روناك و رووی تاریك ) .

دواتر بەراوردێکی کورتی هاوولاتی رۆژاوایی و رۆژهەڵاتی دەکات ... بە واتایەکی دیکە جیاوازی نێوان تۆتالیتاریزمی دیموکراسی رۆژاوایی و کۆمەنیستی . پرسی ئازادی تاك و رۆڵی لە کۆیلەبوون و ملکەچیدا ... ئینجا دێتە سەرئەوەی کەوا هێندە ئاسان نییە باسی لایەنەکان لە دیکتاتۆری و تیرۆردا بکەین . هەروەك چۆن JEAN ELLENSTEIN دیاردەی ستالینزم بە تێکەڵیەکی نێوان ستەمکار ی و خوێنرێژی یۆنانی و دیسپۆتیزمی ـ ئیستیبدادی رۆژهەڵاتی پێناسە دەکات . دوای ئەمەش کورتەیەکی مێژوویی ترادیسیۆنی چەوساندنەوە لە رووسیادا باسدەکات . بەراوردێکی خێرای کوشت و کوشتار (تیرۆر ) لە سەردەمی تزارەکان و کۆمەنیستەکاندا دەکات . 1880ـ1914 لە میانەی ساڵانی 1825 ـ 1917 نزیکەی 6360 کەس لەسەر بیرۆباوەڕی جیاواز و چالاکی سیاسی لە سێدارە دراوە . تەنانەت ئاماژە بەوەش دەکات لەسەر دەستی ئەماندا بۆلشەفیکەکان بە ئاشکرا دادگایی دەکران ، بەڵام لای کۆمەنیستەکان هەموو شت بە نهێنی پێچەوانەوە بووە. کۆمەنیستەکان لە ساڵانی بیستدا بە گەرمی کەوتنە هێرش بردنە سەر فاشیزم ، کە وەك دیاردەیەك لە ئیتالیا سەری هەڵدا . فاشیزمی ئیتالی ناخەزە سیاسییەکانی خۆی دەگرت و دەیخستە زیندانەوە ، ئازار و ئەشکەنجەی دەدان . بەڵام زۆر بەدەگمەن دەیانکوشتن . لە ناوەڕاستی سییەکاندا تەنها چەند سەدانێك کوژران و سەدانی دیکەش لە CONFINATI دوورخرانەوە و دەستبەسەربوون لە دوورگەیەکدا ؟؟؟.

سەردەمی نازییەکان ، دوژمنەکانی خۆیان کۆمەنیستەکان ، ئەنارشیستەکان ، سۆسیالیستەکان چەند گرووپێکی دیاری پیشەیی بوون . ئەمانە دەچەوسانەوە و دەخرانە ئۆردووگا زۆرەملێکانەوە . بە هەمووی لە نێوان ساڵانی 1933ـ 1939 بیست هەزار چەپ لە ئۆردووکا و زیندانەکاندا پاش دادگاییکردن یان بێ دادگایی کوژراون . پاشانیش کە ووشەی ( باڵابەرز ، قژزەرد و چاوشین ، ئارێتی ) بڵندکرایەوە ، لە نێوان 1939 ـ 1941 دا 70000 هەزار کەس نەخۆش و پەککەوتە بە گاز خنکێندران . ئەم کارە بەردەوام دەکرا تا کلێسا ناڕەزایی دەربڕی ، ئەوجا دەست لەم کارە هەڵگیرا . پاش ئەمە ئەوەبوو ئەم میتۆدە راگیرا، خنکاند بە گاز بەرانبەر بە جولەکە بەکارهێنرا . هەتا شەڕیش هەڵگیرسا ، جولەکە راودەنران و ئازار دەدران . لەو میانەیەدا نزیکەی 35000 هەزار کەس لە ئۆردووگاکاندا کوژران . لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕدا ، تیرۆری نازییەکان کەوتە گەڕ . سەرژمێرییەك دەڵێ 15 ملیۆن لەسەر دەستی نازییەکاندا لەو وڵاتانەی داگیریان کرد بوون کوژراون . 510000 جولەکە ، 330000 دیلی شورەوی ، 110000 لە ئۆردوگا دورخراوەکاندا سەدان هەزار ـــ و 8 ملیۆن ئەوانەی بە زۆر کاریان پێکراوە . ئەوجا باس لە تەکنیك و میتۆدی نێوان نازی و کۆمەنیستی شورەوی دەکات .چیرۆکی راگوێزانی میللەتانی قەوقاز بە لۆری ئاژەڵ ، کە هەزاران سەربازی لەبەرەی شەڕەوە هێناوەتەوە بۆ راگوێزانی میللەتان . پاشان لە زمانی WASSILIJ GROSSMANN نووسەری رۆمانی ( هەمووی دەڕژێت ) ەوە کە دایکی لەلایەن نازییەکانەوە لە گێتۆ کوژراوە دەگێڕێتەوە ، کە چۆن منداڵ و نان و ئاو و ژن و پیاوی کولاکەکان کوژراو و سوتێندراون ... تەنانەت پێیان ووتراوە {{ هەروەك ئەڵمان کە منداڵ ی جولەکەیان بە گاز خنکاند ، کە نابێت بژین ، ئێوەش وەك جولەکەن و نابێت بژین }} نووسەر بۆ بەراوردکردن و بە یەکچوواندنی هەردوو میتۆد و تەکنیکی

تیرۆری نازی و کۆمەنیستی ، نموونەی زۆر دێنێتەوە و باوەڕی وایە کە زۆر لێك نزیکن . کەواتە  ئەمانە لە هەوڵدا بوون  کۆمەڵگای ئایندەی نازی رەگەزپەرستی و لە کۆمەنیستی تۆتالیتارێتی دکتاتۆری پرۆلیتاریا دابمەزرێنن .

بەلای نووسەرەوە 3 خاڵی گرنگ سیمای تیرۆری نازییەکانی شەقڵکردووە :

ـــ راستەوخۆ دژی ئەوروپاییەکان بووە .

ـــ دوای سەرکەوتن بەسەر نازییەکاندا تاوانکاران دادگایی کران و سزای  دران .

ـــ ئاشکرابوون و لەقاودانی کوشتاری جولەکەکان .

فاکتەکان نیشانی دەدەن کەوا رژێمە کۆمەنیستییەکان 100 ملیۆن کەسیان کوشتووە ، لەکاتێکدا نازییەکان 25 ملیۆنیان کوشتووە. بەڵام هی کۆمەنیستەکان هەتا 1991 زۆر ئاشکرا نەبوو. وا وورده وورده هەندێ لە پارت و دەوڵەت و کەسایەتییەکانی کۆمەنیستی دان بە تاوانەکانی ستالیندا دەنێنن .

بەمشێوەیە پێکهاتەی هەردوو شێوازەکەی کۆمەنیستی و نازییەکان  هەوڵی بۆ دراوە . گەرچی بنەما و ئامانجەکانیان جیاواز بووە . ئا لەبەر ئەمەیە هەڵەیە بگوترێ ، کەوا کۆمەنیزم سیما و خەسڵەتی گەردوونی هەیە . گەر وا بێت رەوایەتی بە پرۆژەی کوشتن و بڕین و راگوێزانی کۆمەنیستەکان  بدرێ ، وا بەشێکی مرۆڤایەتی حسابی هیچیان بۆ کراوە .  وەك ئەوەی نازییەکان کردیان ، جیاوازییەکە تەنها لەوەدایە ئەمان بەناوی خەباتی چینایەتییەوە کردوویانە و نازییەکان بەناوی رەگەزپەرستێتییەوە .

تاوانەکانی  لینین و ستالین  و ماو و ئەوەی کەمبۆچیا ، مرۆڤایەتی و یاساناسان و مێژوونووسەکانی خستۆتە بەردەم پرسیارێ : چۆن تاوانکار دیاری بکرێت ، بەوەی لە کاتێکدا بەهۆی سیاسی یان  ئایدۆلۆژییەوە نەك تەنها تاکە تاکەی کەسەکان ، یاخود گروپێکی دیاریکراوی ئۆپۆزیسیۆن ، بەڵکو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگایەك لەناودەبەن ؟. مرۆڤ دەبێ چەمکێ وەبینێ ، نووسەر ئەنگلۆسەکسۆنییەکان گوزارشی { POLITICIDE} یان داهێناوە . وەلێ  هەندەك زیاتر دەڕۆین و وەك یاسا ناسە چیکییەکان دەتوانین بڵێین ( تاوانەکانی کۆمەنیستی ). مرۆ بەرانبەر بە تاوانی کۆمەنیستەکان چی دەزانێ ؟  دەیەوێ چی لەوە بزانێ؟ بۆ هەتا کۆتایی ئەم سەدەیە (بیستەم  ) هیچ لە زانستکاران  خۆیان پێوە خەریك نەکردووە؟ دراسەی تاوانەکانی ستالین و کۆمەنیزم بە گشتی بە بەراورد بەوانەی نازییەکان کورتی هێناوە . ئەوەی زۆر جێی سەرنجە ، سەرکەوتووانی جەنگی 1945 هەرایەکی گەورەیان لەسەرتاوانی نازییەکان بەرپا کرد ، بە تایبەتی قەتلوعامی جولەکە . ئەمەش وای کرد سەدان  و هەزاران زانستکار ساڵەهای ساڵە کار لەسەر بابەتەکان بکەن . هەزاران کتێب ، چەندان فلیمی لەسەر سازکراوە ، کە ناوبانگی جیهانییان هەیە .( NACHT UND NEBEL,SHOAH,SOPHIES ENTSCHEIDUNG,SCHINDLERSLISTE,PAUL HILBERG) . وەك دەزانین کار و لێکۆلینەوە و توێژینەوە لەسەر کۆمەنیزم بەم شێوە و قەوارەیە نەبووە .

نووسەر سەرلەنوێ کۆمەڵێ پرسیاری دیکە دەکات و دەڵێ : بۆچی ؟

ـ بێدەنگی دنیا ، کارنەکردنی ئەکادیمیاییەکان لەسەر ئەم بابەتە ؟ ئایا بێتوانابوون ؟. نووسەر بەهۆکاری زۆر ئاماژە دەدات . وەك سەرەتایەکیش پەنجە بە هەنگاوەکانی خرۆشۆفCHRUSCHTSCHOW رادەکێشێ  . وە لە فەرەنساش هەندێ نموونە دێنێتەوە ، کە بۆ سەرەتاکانی 1949 دەگەڕێتەوە . وە هەروەها نموونەی هەڵوێست و کاری چەند هاووڵاتییەکی شورەویش دێنێتەوە  SACHAROW دووردەخرێتەوە ، MARKOW دەکوژرێت و چەندانی دیکە دەکوژرێن و دووردەخرێنەوە و دەخرێنە زیندان و شێتخانەوە .

جەللادەکان هەمیشە لە دۆزینەوەی بیانوو و پاساودانی هەڵوێستەکانیاندا بوون . سەبارەت بە کردەوە رەزاگرانەکانیان . درۆ و دەلەسە و شێواندنەکانیان هێندە بەهێزبووە ، لە وڵاتێکی وەك چیندا گیراوەکانیان ناوناوە ( قوتابی خوێندنی باڵا  ) گوایە لە زیندان بیر و رێبازی دروستی حیزب بخوێنن و بیرکردنەوەی هەڵەی خۆیان چاك بکەنەوە .

نووسەر 3 خاڵ بە هۆکاری گرنگی پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی کۆمەنیزم دادەنێ :

ـ دەستگرتن بە خودی بیری شۆڕشگێڕانەکەوە . کە هەتا ئیمڕۆش داس و چەکوش و ئالای سوور  و وێنەی چیڤارا سیمبۆڵیانە .

ـ بەشداری شوورەوەی لە سەرکەوتن بەسەر نازییەکاندا ، وای کرد کۆمەنیستی ئامانجی سەرەکی دەسەلات گرتنە دەست ، لە ژێر پەردەی گەشی نیشتمانپەروەریدا حەشار بدات . کۆمەنیستەکان 1945 کەوتنە بەشداریکردن لەهەر جوڵانەوەیەکی سۆسیالیستانە بەناوی دژی فاشیزمەوە . بەتایبەتی لە دژی ئەڵمانیا و ئیتالیا .

ـ خەسکردنەوەی پروپاندەی ژینۆسایدی جولەکە و بینینەوەی هەموو تاوانەکان لەو کارەدا .

بەڵام ئەم رەوتە زۆری نەبرد هێدی هێدی وەرچەرخان هاتە پێشەوە . رۆژی 24.2.1956 سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمەنیستی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەت ، لە کۆنگرەی XX پارتەکەیاندا دژی باوکی میللەتان ، ستالینی پاڵەوانی کۆمەنیستەکانی وەستایەوە و وێنەکەی شێواند و شاڵاوێکی توندی کردە سەر و ناوی زڕاند. لە کۆنگرەی XXII ساڵی 1961 دا یادی قوربانییەکانی سیاسەتی ستالینی کردەوە و پێشنیازی کرد پەیکەرێکیان بۆ دروست بکرێت . ( لە وتارێکدا کە بە نهێنی بۆ ئەندامانی باڵای پارتی کۆمەنیستی خوێندۆتەوە ). ساڵی 1962 رێگەی دا بە ALEXANDER SOLSCHENIZYN دا کتێبی رۆژێك لە ژیانی IWAN DENISSOWITSCH بڵاوبکاتەوە .تا ئەوەبوو لە 24.10.1964 دا بەپەلە لە دەسەڵات لابراو و ساڵی 1971 بە نادیاری مرد . ساڵی 1979 سکرتێری پارتی کۆمەنیستی چینی پەردەی لەسەر تاوانەکانی ماو لە دوای ساڵانی 1957 وە لابرد. پۆڵ پۆت و کاسترۆ تاوانەکانیان بەرچاون . دواتر لە حەفتا و هەشتاکاندا کتێبەکانی ئەلەکسەندەر زۆلشەنیزین ، DER ARCHIPEL GULAG دواتر DAS ROTE RAD دەربارەی شۆڕشی رووسەکان دنیای هەژاند . نووسەرێکی دیکەش بەناوی WLADIMIR BUKOWSKI کە کەسایەتییەکی زۆر دەسەڵاتدار و دیاری سەردەمی بریژنێف بوو لە کتێبەکەیدا داوای ABRECHNUNG MIT MOSKOW دامەزراندنی دادگاییەکی وەك ئەوەی نۆرنبێرگ بۆ دەسەڵاتدارانی کرملین دەکات .

ئەوجا نووسەر دەڵێ دەکرێ پشت بەکام سەرچاوە و باس ببەسرێت لە کۆتایی سەدەی 20 دا ، تاوەکو توێژینەوە لەسەر تراژیدیا و تاریکستانی کۆمەنیزم بکرێت ؟. ئیمڕۆ ئەرشیفی زۆر و زەبەند وەڵامی ئەم پرسیارە و سەلماندنی نانوێنێ ، بەڵکو دەکرێت زیاتری لەسەر بڕۆین . چاوگێڕانێك بە ئەرشیفی ناوخۆی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی شوورەوی و دەوڵەتە دیموکراتییە میللییەکان و کەمبۆچیا دا هەقیقەتی زۆرمان بۆ دێننە بەر تیشکی رووناکی . ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بزانین تاوانکاری چ جێگایەك لە سیستەمی کۆمەنیستیدا داگیر دەکات .

نووسەر دەڵێ ئەرکی ئەم کارە ، ئەرکێکی مێژووییە ، وەك چۆن پێویستە بۆ مێژوونووس هیچ بابەتێك تابوو نەبێت ، مەترسی و فشاری سیاسی و ئیدلۆژی و کەسی کاری تێنەکات ... رێگای زانین بگرێتەبەر . کاتێ باسی تۆتالیتاریزم دەکرێت ، پێویستە لەسەر ئەورووپا و شورەوی قەتیس نەکرێت، بەڵکو چینی ماو و کۆریای باکوور و کەمبۆچیای پۆڵ پۆرتیش بخرێنە ناوی . ئەرکێکی دیکەی ئەم کارە ، ئەرکێکی مۆڕاڵیی بیرەوەری قوربانییەکانە .

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی دیکەش ئەوەیە نووسەرانی ئەم کتێبە خۆیان سەردەمانێ لایەنگری ئەم رێبازە و کەسانی چەپی بزووتنەوەکانی ساڵی 1968 ئەورووپان ، بیرەوەری تاڵیان هەیە . لە شوێنێکی دیکەدا تێبینییەکی گرنگتر دەخاتە روو کەوا کۆمەنیزم لە بەریتانیا و ئوستراليا و بەلجیکا ، بە رەوتێکی ئاساییدا تێپەڕیوە . لە ئەمەریکا دوای 1946 وەك لە فەرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا و یۆنان و پورتەگال دیاردەیەکی مەترسیداربووە . لە شورەوی و ئەورووپای رۆژهەڵات خوێناوی بووە . بە کورتی دەڵێ لە هەر شوێنێ کۆمەنیزم لەسەر دەسەڵات بێت ، جەللاد رێکدەخەن یان میراتگرەکانیان ، یان نکۆڵی کردنێکی سیبتەماتیکانە وەك لە کوبا و چین ، یان هەر وەك جاران پیادەی تیرۆر لە فۆرمی حکومەتدا دەکەن وەك لە کۆریای باکور .

2005-08-01

**بەرلین**